Awene

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای ئاوێنە
سەرنوسەر: شوان محەمەد
جێگری سەرنوسەر: سەردار محەمەد
بەڕێوەبەری نوسین: یەحیا بەرزنجی

نوێنەری ئاوێنە لەئەوروپا
شوان حەمە نەرویج
٠٠٤٧٩٩٠٠٤٧٢٩
hamashwan.awene@yahoo.no

www.awene.com

## پەنجەرە

# سەرەتای چاکسازیو لێپرسینەوە

شوان محەمەد

حکومەتی هەرێمی کوردستان گەر دەیەوێت لەم بارودۆخە ناسکەدا ببێتە حکومەتێکی هاوچەرخو بەرگەی هەرەشەکانی ناوخۆو دەرەوە بگرێت، هیچ رێگایەکی لەبەردەمدا نییە، تەنها زنجیرەیەک گۆڕانکاریو چاکسازیی نەبێت، لەم بوارەشدا رێکخستنەوەی بودجەی حیزبو رێکخراوو میدیاکان بەشێکە لەو چاکسازییانە.

ماوەیەکە ئەم کێشەیە لەناو هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری پارتیو یەکێتیدا بەشێوەی جۆراو جۆر ململانێو مشتومڕی لەسەر دەکرێت، هەرچی سەرۆکی هەرێمە، بارزانی پشتگیری رێکخستنەوەی ئەو بوارە دەکات، بەڵام ئەم کێشەیە لای یەکێتی ململانێیەکی زۆری لەسەرەو تا ئێستا یەکێتی نەگەیشتونەتە بڕیارێکی کۆنکرێتی.

پارتی دیموکراتی کوردستانە بەرەسمیو نارەسمی لەکۆبوونەوەکانیاندا رایانگەیاندووە پشتگیری لەو هەنگاوەی حکومەت دەکەن کە بڕی ٩٠ ملیار دیناری تەرخانکردووە وەک سلفە، بۆ حیزبەکان تا پەرلەمانی کوردستان بڕیار لەسەر یاسای بودجەی حیزبەکان دەدات، هاوکات چاودێری یەکێتیش دەکەن کەچەند جدییە لەئیلتزامکردن بەم بڕیارەی سەرۆکی حکومەتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە مەکتەبی سیاسی، بوون بە دوو بەرەوە، لایەکیان دەیەوێت بگەڕێنەوە سەر بارودۆخەکەی پێشوو، دەستی حیزب واڵابێت لەخەرجکردنی بودجەدا، بەرەکەی تریشیان کە لەسەرۆکی حکومەتو جێگری یەکەمی سکرتێری گشتییدا خۆی دەبینێتەوەو تا ئێستا لەلایەن خودی تاڵەبانییەوە پشتگیری دەکرێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لەسەر بڕیارەکەی حکومەت بڕۆن تا یاساکە دەردەچێت.

ماوەی نزیکەی بیست ساڵە یەکێتیو پارتی مانگانە بودجەیەکی خەیاڵی بۆ خۆیان دەبەن، بەبێ ئەوەی رای گشتی تا سێ ساڵ لەمەوبەر هیچ زانیارییەکیان لەسەر ئەو بڕە هەبووبێت، سێ ساڵ لەمەوبەر هاوڵاتیان بۆ یەکەمجار بەرەسمی لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی ئاوێنە لەگەڵ مەلا بەختیار بۆیان ئاشکرابوو کە هەریەک لەیەکێتیو پارتی ماگانە نزیکەی ٣٥ ملیۆن دۆلار وەردەگرن.

ئەو بڕە پارەیەی یەکێتیو پارتی بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە بردوویانە، تەنها ئەو ٧٠ ملیۆن دۆلار مانگانەیە نەبووە، جگە لەمە رێکخراوە دیموکراتییەکانو میدیاکانیان بەهەمان شێوە مانگانە پارەیەکی خەیاڵیان پێدوان بەبێ ئەوەی کەس بزانێت چەندەو چۆن وەردەگیرێت. لەپەنا ئەمانیشدا حزبە کوردستانییەکانو رێکخراوەکانیان بڕێک پارەی سنورداریان وەرگرتووە، بەڵام ئاشکراکردنی پارەی ئەو حیزبانە هێندە قورسو گران نەبووە، ئەگەر خەڵکانێک بیانویستایە ئەم بڕە پارەیە بزانن هەر زوو لەڕێگای بەرپرسانی پارتیو یەکێتییەوە بۆیان ئاشکرا دەکرا.

ئەوەی لەکوردستاندا روودەدات کە حیزب لەسەر پارەی موڵکی گشتی بژی لەدنیادا نمونەی نییە، لەکاتێکدا بەرپرسانی هەرێم، حکومەتی ناوەندی بە حکومەتێکی بێ سەرو بەرو گەندەڵو نائارام دادەنێن، بەڵام ئەو حکومەتە هیچ بودجەیەک نادات بە حیزبەکان، چ ئەوەی لەدەسەڵاتدایە، چ ئەوەشی لەئۆپۆزسیۆندایە.

ئێستا لەهەموو کاتێک زیاتر ئەو پرسیارەیە خۆی دەسەپێنێت، ئایا کاتی ئەوە هاتووە کەچیتر حیزب لەکوردستاندا لەسەر ماڵی گشتی نەژی، یان بەلایەنی کەمەوە بوودجە بەپێی یاسایەک وەربگرێت کە لەپەرلەمانی کوردستان دەربچێت؟ ئایا یەکێتیو پارتی ئیلتزام دەکەن بەم بڕیارەوە، یان سەدو یەک دەروازە لەحکومەتدا دەدۆزنەوە کە پارەیان لێ چنگ کەوێت. ئەو پرسیارەی لەوەش گرنگترە، کێ لەو بڕە پارە زۆرە دەپرسێتەوە کە یەکێتیو پارتی بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە بۆ خۆیان بردووە؟.




